شاخەوان عەبدوڵا: حکومەتی عێراق پێنج موچەی ئێم ساڵ خەرج دەکات

شاخەوان عەبدوڵا، جێگری سەرکی پەرلەمانی عێراق لە پشکی پارتی رایگەیاند، بەپێی رێککەوتنی بەغدا و هەولێر، حکومەتی عێراق پێنج موچەی ئێم ساڵ خەرج دەکات، بەڵام دو موچە پێکەوە نانێرێت.

شاخەوان عەبدوڵا، جێگری سەرکی پەرلەمانی عێراق لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ میدیای پارتی لەبارەی چارەنوسی پێنج موچەی ئەمساڵی موچەخۆرانی هەرێم، رایگەیاند، بەغداو هەولێر چونێتی رێککەوتنێکەو و هەردو سەرکۆزیران قسیان لەسەر کردو و ئێستا رێککەوتنێکە چوەتە جێبەجێکردنەو، پاساوی نێناردنی نەوت لەلایەن حکومەتی عێراقەو نەما، چونکە بەبازاڕکردنەکی ئێستا سەمە دەیکات، لەسەر داهاتی نانەوتیش رێککەوتن کراو و کارایە تاوەکو لیژنەکان داهاتی نانەوتی بە رگەیەکی دیکە و چارەسەری یەکجارەکی دەکەن، بەیە موچەی مانگەکانی 8، 9 و 10 و مانگەکانی دیکەش دەت.

لەبارەی ئەوەی کە ئایا لەم چەند مانگەدا کە ماوە هەر پێنج موچەکە خەرج دەکرێن،

شاخەوان عەبدوڵا وتی، ڕێکخراوەکە وایە، پاساوی ئەوان ناردنی نەوت بو ئێستا هێنارد کرا و دەبێت نوسراوی ئەوانیش جێبەجێ بکرێت، کە دەڵێت لە بڕامبەردا موچە دەنێرین.

لەبارەی شەوازی ناردنی موچەکان و ئەوەی کە ئایا دو موچە پێکەوە دەنێردرێن، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق وتی"دو موچە ناکرێت پێکەوە، ئێستا مانگی 7 دراوە، مانگی 8ـیش دەست بێناردنی بکرێت، دوای ئەوە ئەوەی لەسەر ئێستێی حکومەتی هەرێمی کوردستانە وەکو بابەتی داهاتی نانەوتییە، ئەوەش لەرەوە ڕەوانە دەکرێت؛ تەنیا کاری کارگێڕی ماوە و هیچ کێشەی دیکە نییە بە ناردنی موچەی مانگی هەشت، حکومەتی عێراقیش نیانوتوە موچە نانێرین."

شاخەوان عەبدوڵا لەبارەی ڕێککەوتن لەسەر داهاتی نانەوتی وتی، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناو موچەخۆراندا رازیبو ئەو بڕە پارەیە وەکو بڕێکی دیاریکراوی بدراوە بنرێت، چونکە بڕیاستی ناهەقییەکی گەورەیە بڕێک پارەی زۆر لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان جێگیر بکەیت کە ئەو بڕە نییە. داهاتی نانەوتییان لە بەرزترین ئاستدا دیاریکردوە، لەکاتێکدا حکومەتی عێراق بە دانانی بازگە لێنەوان هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق وایکردوە داهاتی نانەوتی هەرێمی کوردستان زۆر کەم ببێتەوە، هاتوشن داوای بەرزترین داهاتی نەوخە دەکەن."

ئاماژەی بەوەشدا"حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو موچەخۆراندا قبوڵیکردوە تاوەکو لیژنەکان کارکانیان تەواو دەکەن و بگوێرەی یاسا نیوەی داهاتەکە بە ناوەندی بێت و نیوەکەی دیکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بە خزمەتگوزاری و بڕەوبردنی خۆی خەرجی بکات."

سبەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کۆدەبتەوە، لەبارەی ئەوەی کە ئایا بە ناردنی موچەی مانگی هەشت هیچ بڕیارێك لە کۆبونەوەکەدا دەدرێت، شاخەوان عەبدوڵا وتیە"پێشتر بڕیارنداوە بگوێرەی ڕێککەوتنەکە موچە بنێرن، بڕیە پەویست ناکات هەمو جارێک دوبارە بکرێتەوە، خەرجکردنی موچە ئێستا لە دەسەڵاتی سەرۆک وەزیرانە و بەبێ ئەنجومەنی وەزیرانیش دەتوانێت بڕیاری خەرجکردن بدات."

جەختیشی کردەوە، کە تا ئەمڕۆ بڕیاری ناردنی موچەی مانگی هەشت نەدراوە، "بڕەام بڕیارەکە ئەنجومەنی وەزیرانی ناوەت و ڕاستەوخۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق دەتوانێت خەرجی بکات بگوێرەی ڕێککەوتنەکە."